# وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان بەبەشداری نزیکەی 25 ڕێکخراوی مەدەنی تۆڕێك بۆ بەجینۆسایدناساندنی تاوانەکانی دەرهەق بەکورد پێکدەهێنرێت

**ڕێبین فەتاح. هەولێر:**

دوای ئەوەی ڕۆژی 2007/5/29 بەسەرپەرشتی وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان ژمارەیەك لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و کەسایەتی سەربەخۆ لە هەولێر کۆبوونەوە، بڕیاردرا تۆڕێك بۆ بەجینۆساید ناساندنی تاوانەکانی ئەنفال و کیمیاباران دابمەزرێنرێت و لەو کۆبوونەوەیەشدا لیژنەیەکی 7 کەسی لەنوێنەرانی وەزارەت و ڕێکخراوەکان پێکهات بۆ ئامادەکاری لەوبارەیەوە.

بەمەبەستی گفتوگۆکردن لەمەڕ دامەزراندنی تۆڕی ناساندنی تاوانی جینۆسایدی ئەنفال و کیمیاباران و دەوڵەمەندکردنی ئەو تۆڕەو کاراکردنی، ڕۆژی 2007/5/29 وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان کۆبوونەوەیەکی بۆ ژمارەیەك لە نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لە هەولێر ڕێکخست. لەو کۆبوونەوەیەشدا بڕیاردرا کە لیژنەیەکی 7 کەسی پێکبهێنرێت بۆ بەڕێوەبردنی تۆڕەکەو ئامادەکردنی پەیڕەوو بەرنامەو وەرگرتنی مۆڵەتی ئیش کردن، بڕیارە لیژنەکە بەردەوام بێت تا ئیشەکان ڕێڕەوی خۆیان وەردەگرن و دواتر دەستەیەك هەڵدەبژێردرێت.

چنار سەعد وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان باسی لەوە کرد کە پێویست بوو لە زووەوە ئەو کۆبوونەوە ڕێك بخەین، گوتیشی"یەکێك لە ئامانجەکانی وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان بە جینۆساید ناساندنی تاوانەکانی ئەنفال و کیمیابارانە"، بەگوتەی ناوبراو ئەو تۆڕەی بڕیارە دابمەزرێت بەشێوەیەکی خۆبەخشانە دەبێت و لە دانیشتنەکانی داهاتوودا بەرنامەو ئامانج و پەیڕەوی ئیش کردنی دەخرێتەڕوو.

پارێزەر هەدار بارزانی بەرپرسی ڕێکخراوی ڤەژین بۆ ئافرەتانی بەجێماوی ئەنفالکراوەکان و ئەندامی دەستەی داکۆکی کردن لەدادگای سەدام و داروودەستەکەی باسی لە گرنگی کۆبوونەوەکە کردو

ئاماژەی بەوەدا کە هەموو کەیسەکانی ئەنفال و هەڵەبجەو ئەوانی دیکەش بەشێکن لەتاوانی جینۆساید کەبەرامبەر کورد ئەنجامدراوە. بەگوتەی هەدار بارزانی پێناسەی جینۆساید لەمادەی 11ی قانوونی دادگای باڵای تاوانکاری لە عیراقدا هاتووە کە جینۆساید بریتییە لە لەناوبردنی کۆمەڵێك کەس بەهۆی جیاوازی ڕەگەز و نەتەوەو ئاین، جا چ بەشێك بێت یان هەمووی ، کەواتە ئەگەر تەنها چەند کەسێکیش بکوژرێت بەهۆی نەتەوەیەکەوە ئەوە جینۆسایدەو گوتیشی" ئێمە بەسەدان هەزار قوربانیمان هەیە تەنها لەبەرئەوەی کورد بوون".

سەلاح مەزن بەرپرسی ئۆفیسی کوردستانی ناوەندی چاك باسی لەوە کرد لەو دانیشتنەدا وەزارەت بەرنامەیەکی لەبەردەست نەبوو کە پێشکەشی ئامادەبووانی بکات بەمەبەستی ئەوەی گفتوگۆی لەسەر بکرێت و گوتیشی"هەوڵەکەیان چاکە بەڵام کەموکورتی هەبوو کە دەرفەتی کەمیان دا بەئامادەبووان، لەکاتێکدا لە کۆنفرانسی لەو چەشنەدا دەبێت دەرفەت بدەیت بەخەڵك بۆ ئەوەی بۆچوون و پێشنیارەکان بخرێنەڕوو"، ناوبراو باسی لەوەش کرد کە ناوەندی چاك کاری زۆری کردووە لەبارەی کەمپینێکی نێونەتەوەییەوەو گوتی"ئێمە داوامان کرد کۆنفرانسێکی نێونەتەوەیی لە کوردستان ببەسترێت بۆ ئەوەی تاوانەکانی دەرهەق بەکورد وەك جینۆساید بناسرێن و ئەوە بە بەڵگەوە ڕوون بکرێتەوە".

هە لەو کۆبوونەوەیەدا لەلایەن ئامادەبووانەوە جەخت لەسەر ئەوە کرایەوە کە پێویستە ئاگاداری ئەو وڵات و کەسایەتیانە بین کە دانیان بە جینۆسایدکردنی کوردا ناوەو لەونێوەندەشدا ئاماژە بەوە کرا کە وڵاتی سوید و دانیمارك و نەرویج بە

ڕەسمی دانیان بەوەداناوە کە تاوانەکانی ئەنفال و کیمیاباران لەچوارچێوەی تاوانی جینۆسایدن.

زۆرێك لەرێکخراوەکان و ئەو کەسایەتییە سەربەخۆیانەی ئامادەی کۆبوونەوەکە بوون جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە کە پێویستە ئەو تۆڕ یان کەمپینەی دروست دەکرێت لەدەرەوەی وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفال کراوەکان بێت بەهۆی ئەوەی کە حکومەت بەهۆکاری سیاسیەوە لەوانەیە نەتوانێت هەموو هەڵوێستێك وەربگرێت، لەوبارەیشەوە عومەر محەمەدی سەرنووسەی ئەنفالستان گوتی"ئەگەر وەزارەت بیەوێت کەمپینێکی باش دروست بێت پێویستە خۆی وەك ئەندام لەناوی بێت نەك زیاتر چونکە ئێمە هەڵومەرجی سیاسی کوردستان دەناسین و لەوانەیە حکومەت نەتوانێت هەموو شتێك بکات، وەك ئەوەی رێکخراوەکان دەتوانن".

ناوبراو باسی لەوەش کرد کە لەدوای راپەڕینەوە کارێك نەکراوە کە شێوازی ئەو تاوانانە بناسرێت کە بەرامبەر کورد کراوە، حکومەتیش ئەوەندەی بەشێوازی عاتفی تەماشای ئەو قەزیەیەی کردووە نەپرژاوەتە سەر ئەوەی بزانێت نەتەوەکانی تر چۆن تاوانەکانی دەرهەق بەخۆیان بەجینۆساید ناساندووەو مەترسی تاوانەکان لە کوێدایە. بە گوتەی عومەر محەمەد دەکرێت تاوانەکان پۆلێن بکرێن هەندێکیان بەبێ هیچ ماندوو بوونێك دەچنە خانەی جینۆسایدەوە بەڵام بەداخەوە هیچ ئامادەکارییەك بۆ ئەمە نەکراوەو کەمتەرخەمییەك هەبووە، سەبارەت بەو تۆڕەش گوتی"ئەوەی ئێستا قسەی لەبارەوە دەکرێت لەگەڵ ئەو کەمپینانەش کە هەن لە سوود بەدەر نین بەڵام ئامانجەکانیان ناپێکن، چونکە تەنها ناساندنی جینۆساید بەس نییە بەڵکو دەبێت بەرەسمی یەکلایی بکرێتەوە، خەڵکێکی زۆر زانیویەتی ئەوەی لە کوردستان کراوە تاوانی جینۆسایدە، بەڵام ئەوە جیاوازە لەوەی بە رەسمی جینۆساید بناسرێت"، دەربارەی دادگای باڵای تاوانکاری لە عیراق و کەیسی ئەنفالیش کە ئێستا لەبەردەستیەتی ناوبراو گوتی"ئەگەر دادگای عیراقی بیەوێت راستگۆ بێت لەگەڵ قانووندا ، دەبێت تاوانی ئەنفال کە ئێستا وەك کەیسێك لەبەردەستیایەتی، وەك بەشێك لەو تاوانانەی بەرامبەر کورد کراون، بە جینۆساید دابنێت و دواتر دەوڵەتی عیراق پابەندە بەوەی داوای لێبوردن لە کورد بکات، ئەگەر ئەوە نەکەن یەکێك لەکێشە گەورەکانی ناو عیراق چارەسەر ناکرێت". ناوبراو باسی لەوەش کرد کە ئەو دەرفەتەی بۆ جولەکەکان لەوبارەیەوە رەخسا لەوانەیە بۆ کورد نەڕەخسابێت کە ئەو تاوانانەی بەرامبەری کراوە بە جینۆسایدی بناسێنێت بەڵام جولەکەکانیش نەوەستان تا گەیشتن بە خواستەکەیان، لەبەرئەوە پێویستە کوردیش هەوڵی جدی و کردەیی بدات بۆ ئەو مەبەستە.

د.نەزەند بەگیخانی جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە بۆ گەیشتن و پەیوەندی دروست کردن بە جیهانی دەرەوە پێویستە هەوڵبدەین تۆڕێکی نێونەتەوەیی دروست بکەین، بەو شێوەیە ئیشەکان باشتر دەڕۆن بەڕێوە.

زۆربەی ئەو رێکخراو و سەنتەرو کەسایەتیانەی ئامادەی ئەو کۆبوونەوەیە بوون پشتگیری خۆیان بۆ دامەزراندنی ئەو تۆڕە راگەیاندو لە کۆتایی کۆبوونەوەکەشدا نزیکەی 25 رێکخراو 10 کەسایەتی سەربەخۆ ئامادەبوون خۆبەخشانە لەو تۆڕەدا کار بکەن بەپێی توانایی و ئەو بوارەی کە رێکخراوەکانیان کاری تێدا دەکات.

ئەنوەر عومەری بەڕێوەبەری کارگێڕی سەنتەری ئەنفال باسی لەوە کرد دەبێت پەیوەندی بکرێت بە کەسانی پسپۆڕو شارەزاو یاساییەوە چونکە جینۆساید مەسەلەیەکی قانوونییەو پاشان پێویستە کۆنفرانسێکی سەرتاسەری و زانستی ببەسترێت بۆ ئەوەی زانیاری لەوبارەیەوە کۆبکرێتەوە".

بەگوتەی لەتیف فاتیح فەرەجی نووسەرو رۆژنامەنووس ئەو دانیشتنە دوای ئەوە دێت کە پێشتر چەند رێکخراوێك سەردانی وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانیان کردووەو وەزیریش پێیباش بووە فراوانتر بکرێت لەبەرئەوە ئەو کۆبوونەوە کراوە، ناوبراو گوتی" قسەی زۆر دەکرێت، بەڵام پێویستە پرۆژەیەك هەبێت کە ئێمە چ دەکەین و بۆ دەیکەین و چۆن دەیکەین، چونکە ئەگەر بەو شێوەیە نەبێت سەرکەوتوو نابین"، لەتیف فاتیح ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد کە سەدان فیلمی دیکۆمێنتاری هەیە لەبارەی هۆلۆکۆستەوە بەڵام لەبارەی تاوانەکانی کیمیاباران و ئەنفالی کورد هیچ شتێك نییە، لەکاتێکدا بۆ بەجینۆساید ناساندنی تاوانەکان دەبێت کۆمەڵێك بنەما دابنرێت بۆ نمونە لەرێگای بیرەوەرییەکانەوە، یان سینەماو لێکۆڵینەوەو دەیان رێگەی دیکە کە هێشتا کورد خاوەنی بەرهەمێکی فراوان نییە لەوبارەیەوە ئەگەرچی هەوڵێك هەیە بەڵام

پچڕ پچڕەو کۆنەکراوەیە.

لەتیف فاتیح قسە لەوە دەکات کە تا ئێستا بەشێك لەخەڵکەکە نازانێت بۆ پێویستە ئەنفال و کیمیاباران بە جینۆساید بناسرێت و بەفەرمی دانی پیابنرێت، هەر خۆشی ئاماژە بەوە دەدات لەسەر بنەمای جینۆساید دەتوانین بینای وجودی خۆمان بکەین، ئەمە لە دنیادا کراوە"تایمز لەراپۆرتێکدا تاوانەکانی بەرامبەر کورد بە جینۆساید لە قەڵەم دەدات بەڵام بۆ ئێمە نەتوانین ئەوە بکەین"، ناوبراو گوتیشی"پێویستە ئەو هەوڵە بەردەوام بێت هەر ژەمە نان خواردنێك نەبێت و کۆتایی پێبهێنرێت، پێویستە دوای ئەم کۆبوونەوەیە سایتێك بکرێتەوە کە وردەکاری و زانیاری تێدا بێت بە زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی شت بنووسرێت و بڵاوبکرێتەوە چونکە ئەو زمانانە جیهانی و بەرفراوانن".

سەبارەت بەوەی هەندێك لەرێکخراوەکان پێیانوایە باشترە تۆڕەکە سەربەخۆ بێت، لەوبارەیشەوە لەتیف فاتح گوتی"ئاساییە ئەگەر حکومەتی تێدا بێت و سەربەخۆش بێت، ئەوە گرنگە کە لەچوارچێوەی رێکخراوەکەدا چۆن دەبێت، لەبەرئەوە هیچ گرفتێك لەوەدا نیە کە حکومەت بەشدارە یان نا"، ناوبراو ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد کەسانێك کە ئیشیان لەسەر ئەو بابەتە کردووە لەو تۆڕەدا ئامادەییان هەبێت باشترە، چونکە ئەو مەسەلەیە پێویستی بە شارەزایی هەیە.

ئێستا 20 ساڵ بەسەر پرۆسەی ئەنفال کردنی کوردەکاندا تێپەڕ دەبێت و لەماوەی رابردووشدا وەك لەتیف فاتیح فەرەج ئاماژەی پێدا 19 ساڵ تێپەڕی و لەیادی ئەنفالدا خەڵکیان راهێنا لەسەر ئەوەی بگرێت، بەڵام ئەوەی گرنگە بکرێت لە یادی 20 ساڵەی ئەنفالدا ، ئەو تاوانانە بەجینۆساید بناسرێن و بەرەسمی دانیان پێدابنرێت.